خاوەنی ئیمتیاز
ئیسماعیل بەرزنجی
سەرنووسەر
محەمەد قادر
sardamm2003@yahoo.com

## خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان لەسەر سنوورەکانەوە خەبەرێکی عاجیل و دورهاوێژی تێگرتین هەر خوا ڕەحمیکرد هەموومانی نەکرد بە شلەی تەپسی، گوایە دەولەتە زەبەلاحەکانی دراوسێمان کە هەمیشە بۆ سوعبەت بە تۆپ و ساروخ بەسەرمان دەکەنەوە، لە هەولی ئەوەدان بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە خاترمان بگرن و کەمتر لەجاران تۆپمان پێوەنێن، چونکە ڕەحمیان تلیساوەتەوەو پێیان باشە تاکو دوای جەژن ئەو جۆرە سوعبەتانە کەمکەنەوە، بۆ زانیاری زیاتر بچنە پاشماوەی خەبەر عاجیل. ل٣٧



www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەل ژمارە ١/١٠/٢٠٠٤ لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٧/١/٢٠١٠ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە



126
ساڵی حەوتەم ٢٥/٧/٢٠١١
بەکاتی: ڕەمەزان بازاڕی فران

## کاریکاوێر



ل15
بۆ ئەوەیان وایە، ئەی ئەوانەی تر؟



ل28
ئەم مرووره ژمارەی چ جام ڕەشی ئەنووسێ؟

**دەستەی نووسەران**
ڕەوف حەسەن
حسن العانی
کەژاڵ ئیسماعیل
ڕێبوار ئدریس
نەجات حەمید
سالار حەسەن
کەریم مودەریس

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست**
عەلی مەندەلاوی
خضیر الحمیری
پەروەر
سۆران کوردپوور
ڕۆستەم زادە (نامۆ)
عەلی دەروێش
سەردار کێستەیی
سالم سەلیم
زێرەڤان ساڵح
ئاراس باڵاتەیی
فەرەیدون هاوار
ئەحمەد مەندەلاوی
بابان
سەرتیپ فەتاح

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
سەردار کێستەیی
serdar_kesteyi@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
ڕزگار فەقێ عەولا

**بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی**
چیار ئەحمەد سالار

**ماڵپەڕ:**
ڕێباز نەجات

**دیزاین**
چیار ئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

بەرگی یەکەم: سود لە دیزاینی پێشنیازکراوی هونەرمەند (باسم ڕەسام) وەرگیراوە.

**بۆ بەشداری لە کرینی گەپ پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکەن**
٠٦٦٢٥٥٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٥
٠٦٦٢٥٥٢٢٢٣

چاپخانەی موکریانی- هەولێر
**ناونیشان:**
**هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران**

عەلی عەبدوڵڵای
سەرۆی..

سەروتار




# بە مەزەندە

بە مەزەندە

* بەمەزەندەی دراوسیٚ تیٚکەڵبووەکان و بە بۆچوونی گلەییکارانی هاموشۆی یەکتری، دوای ئەوەی عەلاوی وەعد ئەداو ناچیٚتە ماڵی کەس بۆ دەمەتەقیٚی سیاسی، پیٚشبینی دەکریٚت بەندی ( گلەیی) بخریٚتە سەر دەستووری عراقی و ئەوەی پیٚوەی پابەند نەبیٚت، لە دراوسیٚیەتی بار دەکریٚت!
* بەمەزەندەی یاریکەرەکانی شووتی تۆپی لەپڕ، دوای ئەوەی ئیٚران کەی تاقەتی بگریٚت دەست بە پەنارتی لیٚدان ئەکات بۆ سەر کوردستان، چاوەروان دەکریٚت لە داهاتوودا خەڵکی ئەو سنوورانە باشترین گۆڵچی دەربچن ..
* بەمەزەندەی دەردە بیٚ دەرمانچیەکانی عەیادەی بەلاش، دوای ئەوەی لە کوردستان درووست کردنی خەستەخانەی ئەهلی بووە بە مۆدەی سوپەرمارکیٚتەکان، چاوەڕوان دەکریٚت ماوەیەکی تر عەیادەی یەک هەزاری و دوو هەزاریش ئیعلان بکریٚت، بەڵام خوا دەزانیٚ بە چ نەوعە دکتۆریٚکەوە!
* بەمەزەندەی فرۆشیارە زیتەکان و کڕیارە سەرخۆشەکان، پاش ئەوەی هەموو شتیٚک بووە بە قیست، بەڵام بە سیعری دووقاتەوە، چاوەڕوان دەکریٚت لەمەو دوا سەرەمانگان دوکاندارەکان ئیمزای وەرگرتنی مەعاشی مووەزەفەکان بکەن!

بە مەزەندە



# سیاسەت

ململانێی کوتلەکانی عەلاوی و مالیکی



## شاشەی tv یەکان

* لەشاشەی سەتەلایتی NRT دا سرودی خوایە وەتەن ئاواکەییان لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی ١٧ شوباتدا لێدەدا کە وەتەن بە بەردو دارو تایە سوتاندن.. کاول ببوو.

* کەناڵی ئاسمانی هەولێر سەعات ای نیوەڕۆ، شەوانی سلێمانی پیشان ئـەدات! ئیتر نـازانـم کەناڵەکەیان لەقارەی ئەمریکایە؟ لەوێ شەوەو لای خۆمان ڕۆژە!!

* لـەشـاشـەی کـەنـاڵـی ئاسمانی کـوردسـاتـدا بـێـژەرەکـەی ئەیوت: ئەمڕۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیار لەسەر زیادکردنی موچەی هێزەکانی ناوخۆ ئەدەن، کەچی لە ژێر نوسەکەیدا نوسرابوو: بەرەی گـروپـی ١٤ی ئـــازار هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی لوبنان ئەکەن!!

* لـەشـاشـەی کـەنـاڵـی ئاسمانی هەولێردا لە سەیرانگای هیران و نازەنین پێشکەشکاری بەرنامەیەک لە هاوڵاتیانی ئەپرسی گۆرانیەک یان قسەیەکی خۆش یان (نوقتە) یەکمان بۆ بڵێ! ئەگەر (نوکتە) لای ئەو (نوقتە) بێ، حەتمەن (مەتەڵ) یش فاریزەیە!



## نامەیەك لە هاوڵاتییەكی بەڕۆژوو بۆ بازرگانەكانی مانگی ڕەمەزان






سالار حەسەن

لە هەژارێكی دەست بە دوعاوە
لە كڕیارێكی ماست و خورماوە
لە كابرایەكی بەڕۆژووەوە
لە داماوێكی ڕەنگ تێكچووەوە
نامە دەنوسم بە مەعیدەی چۆڵ
بۆ پسپۆڕانی داپاچینی قۆڵ
سڵاو دەنێرم بۆ یەک بە یەكتان
خۆ نەیشینێرم ناكەوێ پەكتان
چونكە هەمیشە وەزعتان باشە
جەوتان صاف و لوس، ڕیشتان تەراشە
لەهەر كاتێک و لە هەموو جێیە
بۆ قۆڵی فەقیر مشارتان پێیە
منیش دەمەوێ بەم شانامەیە
لێتان بپرسم ویژدان كامەیە؟
چەند ڕۆژێكی تر وا ڕەمەزانە
مانگی توجارو پیاوی لێزانە
وەزعمان شڕەو حاڵمان پەشێوە
با ئەم تەكلیفەش بكەم لە ئێوە
نەكەن ئەمساڵیش هەروەكو ساڵان
پۆخڵەڵمانكەن وەک چێشتی منداڵان
بە زەوقی خۆتان بازاڕ هەراشكەن
شت گرانكەن و مردن بەلاشكەن
بۆ بەرەكەتی مانگی ڕەمەزان
ڕووتمانكەنەوە عەینەن تەڕەزان
خورماو ماست مەكەن بە زەهری كڕیار
بازاڕ مەكەنە گۆڕەپانی مار
دەبا ڕۆژوومان بەقوڕدا نەچێ
لەداخا ناوی خۆم لەبیر نەچێ
باقی وەسەلام با خەڵكی هەژار
پێش بانگی عەسر نەیكات بە ئیفتار
لەداخی ئێوەو قەپاڵی زلتان
كێ ڕۆژو ناگرێ دەینی بە ملتان!!



بەشار و ئاشتی

كاریكاتێر
سالم سەلیم





## عەینەن یەك

### گەندەڵی

١. ڤایرۆسێكی كوشندەیە.
٢- ئەغلەبی ئۆمەتی گرتۆتەوە.
٣- وەک مانگی ١٤ و ئاشكرایە.
٤- ڕوو لە هەر مەملەكەتێک بكات داغانی ئەكات.
٥- میللەت فێری شەڕە بەردو هەڵمات ئەكات.
٦- ئەتكات بە ساحێبی ٤ ڤێلاو ڕیزێک دوكان.
٧- كات و ساتی بۆ نییە.

### چاكسازی

١- لای خۆمان دەرمانێكی ئێكسپایەرە.
٢- تەنها شمولی بچوكەكان ئەكات.
٣- لێمان بووە بە ئەستێرەی سیوەیل.
٤-ئەگەر هەبوایە نە مەحكەمە بەر ئەكەوت نە سجنی محطە.
٥- ئەگەر هەبێت گورگ و مەڕ بەیەكەوە مزنیف ئەكەن.
٦- ئەو برادەرەی تەنیشتم ئەخاتە سەر ساجی عەلی.
٧- عادەتەن دوای خۆپیشاندان و بەردە فركی دەست پێ ئەكات.

# سیاسەت




یاریگاکەی تەکیە درایە کۆمپانیایەک بۆ نۆژەن کردنەوەی، کەچی ئەم کۆمپانیایە تەنها بۆ بەریکردنی کارەکەی خۆی لەجیاتی چیمەنی یاریگا گەنمی تۆو کردبوو.

لە گەڕەکی حساباتی شاری کەرکوک عەموودێکی کارەبا لەناو چەقی جادەکەدایە، ئەم عاموودە بەستەزمانە ئەوەندە سەیارە خۆی لێداوە بۆتە حەرفS ..

مفەوەزێکی مرور سەر بە پارێزگای سلێمانی ئەناسم وەصڵ بە قەرزیش بۆ شۆفێر ئەکات جارجار بەبێ تاوانیش سەرانە لە شۆفێر ئەسێنێت..

**تەعەجوب!**

لەبازیان وەستایەک خانویەکی دروست کردبوو نە دەرگای بۆ کردبوو، نە پەنجەرە، ساحێب خانووەکەش وتبوی: وەستا گیان دیارە ئەم خانوەت بۆ سوپەرمان دروست کردوە!

لە هەولێر تابلۆی بینایەکم خوێندەوە نوسرابوو. یەکێتی عێراقی هۆڵەندی! من هیچ ناڵێم خۆتان شتێکی بۆ دانێن!

